## بەشانازییەوە دەبێژم:

## ئەز قاتی پێشمەرگایەتی خۆم تەسلیم بەهیچ داگیرکەرێک نەکرد...!

فەخرەدین تاهیر



لە مێژە بیرم لە نووسینەوەی یادەوەریەکانی ژیانم کردۆتەوە، هەرچەندە بەشێک لە سەربووردەی ژیانی خۆم و خانەوادەکەمانم نووسیوەتەوە و جارێ تەواوم نەکردوە و بۆ لە چاپدانیشی پێموایە هێشتا زووە،بە هەر حاڵ هەموو شتێک لە کن من کات و زەمەنی دیارکراوی خۆی هەیە بۆ بڵاوکردنەوە.

لەم ڕۆژانە لەنێو ئەرشیفەکەمدا بەدوای وێنەیەکی گرانبەها و مێژوویی و بابەتێکی نووسراو دەربارەی هەمان وێنە دەگەڕام، وێنەیەکی خۆمم بە جلوبەرگی پێشمەرگایەتی کە لەکۆتایی ساڵی (1981)دا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرتومە، بەرچاو کەوت کە ئەو دەمە بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشی زۆری خانەوادەی پێشمەرگەکانیشیان هەر لەوێ بوون دۆزییەوە ، هەڵبەتە ئەم وێنەیە یادگارییێکی چەند مانگ بەر لە ئەمڕۆی بەبیر خستمەوە کە ساڵی پار بۆ سەردانی هاوژینە بەرێزەکەم(بەیان خان) وکوڕە ژیکەلە و بزێو و تاقانەکەم کاکە(ڕامان) لە مانگی ئەیلوولدا لە شاری ستۆکهۆڵم لەوێندەرێ بووم و سەرلەبەیانییێک برادەری بەرێزم کاکە هەندرێنی شاعیر و نووسەر بە زەنگی تەلەفۆنیماڵەوەمان لە خەو هوشیاری کردمەوە و پێی گوتم: بەیانی باش کوڕە خزمە چەند ڕۆژە لە ژمارەی مۆبایلەکەت دەگەڕێم و ژمارەی نۆرماڵی ماڵەوەشتانم لە کنم بزر ببوو ،بەهەر حاڵ بەهۆی برادەران هەردوو ژمارەکەم بە دەستخست، کاکی برا کەی کاتت دەبێ یەکتری ببینین..؟

هەندرێن گیان هەر ئەوڕۆ دەمە و نیوەڕۆ دەوروبەری دەمژمێری دوانزە یان یەکی دوای نیوەڕۆ چۆنت بۆ دەگونجێت وا دەکەین و دەچین لە قاوەخانەیەکی نێو شار لە شوێنێک دادەنیشین، لەسەر کات و شوێنی یەکتر بینین ڕێکەوتین و لە نێو شار شوێنێکە پێی دەگوترێت( مێدبورەپلاتسن) لە کتێبخانەکەی ئەو شوێنە یەکتریمان بینی و ماوەیەکی کەم لەو شوێنەماینەوە و دواتر هەر لە پارکی بەردەمی کتێبخانەکە لە جێگایەک بۆ ماوەی چەند دەمژمێرێک لەگەڵ یەکتری کەوتینە گفتو گۆ کردن و لە میانەی ئاخاوتنەکانیدا هەندێک لە یادەوەرییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی خۆی بۆ گێڕامەوە و گوتی: کە پێشمەرگە بووم ساڵێ جارێک قاتێکی

پێشمەرگایەتییان بۆ بەڕادان دەدان، ماوەیەکی کەم بوو قاتەکەم وەرگرتبۆوە و دڵم نەدەهات لەبەری بکەم، ئەو دەمە تازە ماوەیەکی زۆر کەم بوو هاورێیکەم لە شارەوە هاتبووە شاخ بۆ

پێشمەرگایەتی و ئەو ساڵە قاتی پێشمەرگایەتی بە نەسیب نەبوو، داوای لێکردم بۆ ماوەیەک قاتە تازەکەی خۆمی بە قەرز بدەمێ تا لەبەری بکات، ئەوەی جێی دڵگرانی من بوو لەبەر باری سەختی ئەو دەمەی پێشمەرگایەتیمان ئەو هاورێیەم زوو کۆڵی داو ، خۆی تەسلیم بەڕژێمی بەعسی داگیرکەر کردەوە و قاتە تازەکەی منیشی بەبێ ئەوەی پرسم پێ بکا ،تەسلیم بە ڕژێمی بەعس کرد و کەچی هەنوکە پلەی وەزیفەکەی و ئەو دەزگایەی بۆیان دروست کردوە، ئێمەمانان قەد بە خەونیش نایبینین، نەک پلە و وەزیفەی وەک ئەومان دەبێ، بەڵکو ڕێگاشمان لێدەگرن لە وڵاتی خۆماندا خزمەت بە میللەتەکەمان بکەین.

هاتە ئێرە ئاخاوتنەکانی ئەم برادەرە شاعیر و نووسەرە هوشیار و خودان هەڵوێستێکی پاک و ڕابردووخاوێنە.

لە وەڵامدا گوتم کاکی برا ئەمڕۆ ئەوەی لە کوردستانی بەناو ئازاد دا پەرێزی خاوێن وجێگای هەش بێ جێگای پێ لەق دەکەن، پشتی نەبێ پشتی دەشکێنن، کەس دۆستت نییە و دوژمنیشت زۆرن، ئەوەی خۆی بە دۆستیشت بزانێت ئامادە نییە بۆ پەرژەوەندی تایبەتی خۆی ژیانی خۆی تووشی هەڵدێر بکا، خەڵک ئەمڕۆ لە کوردستان تەنیا و تەنیا بیر لە ژیانی خۆی دەکاتەوە وئەگەر دەتەوێت بژیت دەبێ وەک ئەوان بیر بکەیتەوە، لە هەمووی سەیر و سەمەرەتر ئەوەیە لەکن هەندێک کەسی بەناو ڕۆشنبیر و هونەرکار ئەزمەی ئەخلاقیشە...!!

ئەگەرنا دەبێ بۆ هەتا هەتایە غوربەت بکەیتە مەنزڵگەی یەکەم و دواجارت، چونکە ئەمڕۆ ڕۆژی مرۆڤی بە هەڵوێست ڕابردوو پاک و خاوێن نەماوە، ناڵێم هەر هەمووی بەڵام بەشێکی زۆر ئەوهایە، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو مرۆڤە بە هەڵوێست و ڕابردوو پاکەکان، دیارە لە هەر شوێنێک خەڵکی باشیش هەیە و خەڵکی خراپیش زۆرن، بەڵام لە کوردستانەکەی ئێمەدا ڕێژەی خەڵکی خراپ زۆرترن، بێگومان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی وڵاتەکەماندا ڕۆژی ئەوکەسانەیە کە ڕابردوویکی ناپاکیان هەیە، ئەم جۆرە کەسانەش ئامادەن بۆ هەموو شتێک و گوێڕایەڵی هەر شتێکیش دەبن پێیان ڕابسپێرن، هەربۆیە هەنوکە ئەو جۆرە کەسانە لە پێشی پێشەوەن، کاکە هەندرێن پێی گوتم: مادام وا لە ڕەوشی کوردستان تێگەیشتوویت بۆ بەیەکجاری ناگەرێیتەوە سوید، پێمگوت بەم زووانە بەیەکجاری دەگەرێمەوە و بەناچاریش سویدەکەم بەیەکەم وڵاتی خۆم.

ئەوی جێگەی گوتنە مخابن درەنگی پێچوو بۆ گەڕانەوەم بۆ وڵاتی یەکەمم سویدی مەئوای بێکەسان،لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر گەڕانەوەکەشم درەنگیش بوو بێت، بەڵام نەچووە بچێت هێشتا هەر زووەو لەم زووانە دەگەڕێمەوە ئەو وڵاتەی خودان ئەخلاقی مرۆڤایەتییە و عەدالەتی کۆمەڵایەتی تێدا یەکسانە و کەس سووکایەتی پێناکرێت.

لە کۆتایی ئاخاوتنەکامدا بەکاک هەندرێنی شاعیرم گوت: قەد بیر لە گەڕانەوە بۆ کوردستان نەکەیتەوە ، ئەو قەدر و قیمەتی لێرە لە ناو سویدییەکان هەتە لەوێ نیو ئەوەندەشت نابێت.

لەم دیدارە بەر لە خواحافیزی لەیەکتری کردن پێیمگوت : کاکە برا من بەشانازییەوە دەڵێم تا هەنوکە قاتی پێشمەرگایەتی خۆم تەسلیمی هیچ داگیر کەرێکی کوردستان نەکردوە و لە شاری ستۆکهۆڵم لە مۆزەخانەی یادەوەرییە شیرین و پر لە شانازییەکانم لەماڵەوە پاراستوومە و بۆ ئێمەش ڕۆژێک دێ ئەو شانازییانە تۆمار بکرێن،بۆ ئەوانەی کە کەرامەتی کورد و کوردستانیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان خستە ژێر پێ و پارێزگاریان لێنەکرد ، ڕۆژێک دادێت بەر نەفرەتی مێژوو بکەون.

سەرنج: بۆ ئەوەی باشتر لە ناوەرۆکی ئەم وتارەمدا هەندێک لایەنی شاراوەت بۆ ئاشکرا ببێ کتێبەکەی هەندێنی شاعیر و نووسەر بەسەرناوی ( گوڵنارەکانی شوێنپێ لە باخچەکانی تاراوگەدا) ی چاپی یەکەم 2005 لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما زنجیرەی (64) لاپەڕە (18و 19)ی بخوێنەوە ، ئەو دەمە ئەو فس فس پاڵەوانەت بۆ دەردەکەوێت کێیە..!

هەولێر 18 \ 6 \ 2007